www.kurdistannet.org
2-10-2006 12:54بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## دەبێ ئەنفال لە بیروهۆشی بەکۆمەڵی گەلدا بە زیندوویی بمێنێتەوە



ناوەندی چاک لە دانیمارک لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی 2006. 09. 30 دا بە کاتی 3 ی دوای نیوەڕۆ، سمینارێکی بۆ شارەزا و لێکۆڵەر بەڕێز د. بورهان یاسین لەسەر ژینۆسایدی ئەنفال و بەراوردکردنی بە هۆلۆکۆست و ژینۆسایدی ئەرمەنیەکان، لە شاری کۆپنهاگن سازکرد.

دوای خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی قوربانیانی کارەساتەکانی پاکتاو و ئەنفال و نەمرانی کوردستان، بەڕێز د. بورهان یاسین چووە سەر بابەتی سمینار و ئاماژەی بە گرنگی بەراوردکردنی ژینۆسایدی ئەنفال لەگەڵ ژینۆسایدی ئەرمەنیەکان و هۆلۆکۆست کرد. هێمای بۆ گرنگی کارکردن لە لایەنی ڕامیاری و ئەکادیمی بۆ ناساندن و سوودوەرگرتن لە ژینۆسایدی ئەنفال کرد. هەروەها گوتی ئەنفال ڕابردوو، ئێستا و داهاتووە و دەبێ لە بیروهۆشی بەکۆمەڵی گەلدا بە زیندوویی بمێنێتەوە، هەروەکو چۆن ژینۆسایدی ئەرمەنیەکان دوای 91 ساڵ ئێستاش زۆر بە زیندوویی هێشتراوەتەوە و کاری لەسەر دەکەن. هەروەها لەسەر بوونی تاوانی ژینۆساید وەستا و ئاماژی بە بوونی چەند تیۆریەک کرد، بۆنمونە ئاماژەی بۆ تیۆریەکەی لێکۆڵەر ڕاول هیلبەرگ Rawl Hilberg کرد، کە ئاماژە بۆ سێ هەنگاو یا قۆناغی پرۆسەی ژینۆساید دەکات کە ئەوانیش: ناساندن و دیارکردنی نەتەوەی نەویستراو، ڕاگواستن، هەروەها چارەسەری کۆتایی بە لەناوبردن. هەروەها ئاماژەی بۆ گەلێ لایەنی گرنگی دیکەی بابەتەکە کرد.

پاشان بەشی پرسیار و وەڵام بۆ ماوەی کاتژمێر و نیوێک بە گەرمی و لە کەشێکی ئارامدا بە تێرو تەسەلی بەڕێوەچوو.

بەکاتی 6 ی ئێوارە دوای بیرورا گۆڕینەوە و پرسیارەکان، کۆتایی بە سمینارەکە هینرا.

ناوەندی چاک لە دانیمارک
30 .09 .2006